# خزمەتگوزارییە نوێیەکانی گوگل


کۆمپانیای گوگل کە لەسەرەتادا تەنیا بە سایتێکی بەدواداگەڕاندا دەستی پێکرد، دواتر خزمەتگوزارییەکانی هەر لەم بەستێنەدا نەمانەوە. نوێترین خزمەتگوزارییەکانی گوگل ئەمانەن.

بە خزمەتگوزاری Google business photos دەتوانن ناو ژووری هوتێل و ریستۆرانت و فرۆشگە و سوپەر مارکێتەکان سەیر بکەن. تەنانەت دەتوانن لە شوێنی خۆتان سەیری یەکە بەیەکە کەلوپەلەکانی ناو سوپەرمارکێتێك بکەن و تە نا نە ت نرخەکەشی



بزانن، بەڵام خزمەتگوزارییەکە لەکاتی ئێستادا تەنیا بۆ هاووڵاتیانی ئەمریکا و ئوستراليا و ژاپۆنە. گوگل بەتەمایە ئەو خزمەتگوزارییە لەماوەیەکی کەمدا بۆ هەموو جیهان بگوازێتەوە.

خزمەتگوزارییەکی دیکە کە هەر لە سایتی گوگل لە بەشی Tran-lateدا واتە "وەرگێڕان"دا هەیە ئەوەیە کە ئەگەر زمانی یەکەم ئینگلیزی بێت، ئەیکۆنی مایکرۆفۆنێك لەسەر بۆکسەکە دەردەکەوێت، هەرکارتێك کرتە بکەیە سەر مایکەکە بۆکسێك دەردەکەوێت و ئەوەی مەبەستتە بە دەنگ بیلێ تا گوگل لە یەك چرکەدا مەبەستەکەت بۆ وەربگێڕێت.



# سۆنی و TVیەکی وایەرلەیس

کۆمپانیای سۆنی کە کۆمپانیایەکی مەزنی بەرهەمهێنی کەلوپەلی ئەلکترۆنییە، لەمدواییەدا جۆرێکی لە تەلەڤزیۆن بەرهەم هێناوە کە وایەرلەیسە. واتە بۆ وەرگرتنی شەپۆل و وزە پێویستی بە وایەر نییە.

تەلەڤزیۆنی جۆری XEL-1 کە قەوارەکەی 11 ئینجە، بەڵام بارستاییەکەی تەنیا 1.4 ملمە. یانی تەنك وەك پەڕەی کاغەز. دیارە ئەوە یەکەم تەلەڤزیۆنە کە بۆ وەرگرتنی وزە لە سیستەمی بێ وایەر سوود وەردەگرێت. تەلەڤزیۆنەکە وزەی خۆی لە پاترییەك وەردەگرێت کە بەهۆی ئامێرێکەوە بەبێ وایەر شەحن دەبێتەوە.

# بن لادن لە گەمەیەکی ئەلکترۆنیدا

هێشتا رۆژێك بەسەر کوشتنی ئۆسامە بن لادندا تێنەپەڕی بوو، کە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی گەمەی ئەلکترۆنی، لەسەر بنەمای ئەو هەواڵانەی کە سەبارەت بە کوشتنی بن لادن بڵاوکرانەوە، یارییەکی ئەلکترۆنیان بەناوی Kuma war2 بڵاو کردەوە. لەو یارییە ئەلکترۆنیەدا شەش کەس لە تیمێکی مارینزدا بەدوای دۆزینەوەی شوێنی بن لادن دەکەون. هەرچەندە پەلە پەل بە دروستکردنی یارییەکەیەوە دیارە، چونکە لەباری گرافیکیەوە زۆر بەهێز نییە، بەڵام لە ماوەی رۆژێکدا هەر ئەوە دروست دەبێت. چیرۆکەکە ئاوا دەست پێدەکات:

چالاکییەکە بەناوی Mission17: Osama 2011یە. پاش چەندین مانگ چاوەدێری کاراکتەری یارییەکە لەگەڵ گروپێکی 79 کەسی بە دوو هەلیکۆپتەرەوە بەرەو سنووری پاکستان بەرێ دەکەون. نەخشەی هێرش بۆ سەر ئەبێت ئاباد شوێنی ژیانی بن لادن هەیە. بەکارهێنەر خۆی دیاری دەکات لە گرووپی دەریایی دابێت یان لە گرووپەکەی دیکە.




# تەبلێتێکی نوێ بە کیبۆردێکی تایبەتەوە



ئێستا لە جیهانی دیجیتالیدا سەردەم سەردەمی تەبلێتە (Tablet)، پێدەچێ ئەو ئامێرە نوێیە شوێنی لاپتۆپ و مینی بووك بگرێتەوە. لەم دواییانەدا کۆمپانیای سامسۆنگ جۆرە تەبلێتێکی بەرهەم هێناوە کە قەبارەی شاشەکەی 10 ئینجە، ئەم تەبلێتە نوێیە بە (Gloria) ناسراوە، تایبەتمەندی جیاوازی ئەم تەبلێتە لەگەڵ تەبلێتەکانی دیکە بوونی کیبۆردێکی سلایدی تایبەتە. چونکە ئامێری تەبلێت کیبۆردی نییە و تەنیا لە شاشەکەی خۆی وەك کیبۆردی لەمسی سوود وەردەگرێت، پێدەچێت ئەم تەبلێتە شوێنی خۆی بکاتەوە.

# گواستنەوەی ئینتەرنێت لە رێگەی کارەباوە

لەم سەردەمەدا ئینتەرنێت وەك زۆربەی پێداویستییەکانی ژیانی رۆژانەمان گرنگە. هەروەك کارەبا، ئاو، تەلەفۆن. ئینتەرنێتیش ئاوا شوێنی خۆی کردۆتەوە. زۆر شێواز هەن بۆ گواستنەوەی ئینتەرنێت وەك، لە رێگەی شەپۆلی مۆبایل، لەرێگەی Wi-fi لەرێگەی تەلەفۆنی نۆرماڵ. لەم دواییانەدا کۆمپانیایەکی ئەمریکی شێوازێکی دیکەی داهێناوە کە جیاوازە لەو شێوازانەی ئاماژەمان پێدان. شێوازەکەش ئەوەیە کە ئینتەرنێت لە رێگەی کارەباوە دەگوازنەوە بۆ شوێنی مەبەست. واتە بەکارهێنەر دەتوانێ لە پلاکی کارەباوە ئینتەرنێت وەربگرێت. گواستنەوەکەش بەهۆی ئامێرێکەوەیە کە بەناوی Splitter ac ناسراوە، دیارە ئەم شێوازە جاری لە تاقیکردنەوە دایە، بەڵام ئەگەر سەرکەوتوو بێت، نرخی ئینتەرنێت زۆر هەرزان دەبێت و خێراییەکەشی زۆر لەسەری دەبێت..




# ئەو ئامێرە خەیاڵەکان دەکاتە راستی

قەت ئارەزووت کردووە کە بزانی لەم دیوی دیوارەوە چی لێیە و کێی لێیە. بزانی فلانە ژوورە چ کارێکی لێدەکرێت!! بەبێ ئەوەی کە بچیە ژوورەوە. واتە پشتەوەی دیوارەکان ببینی !! رەنگە بلێی ئەمە مەحاڵ بێت. لە زانستدا هیچ شتێك مەحاڵ نییە. کۆمپانیایەکی بەریتانی ئامێرێکی دروست کردووە کە بەهۆیەوە ئەو دیوی دیوار دەبیندرێت. ئامێرەکە کە بە Prism 200c ناسراوە دەتوانی پشتەوەی دیوارەکان نیشان بدات. پاشان ئەو وێنەیەی کە





دەیبینێت لەسەر شاشەیەك دەریبخات. ئەو ئامێرە زیاتر کاریگەری نیزامی هەیە، واتە بۆ سوپا دەگونجێت کە بەهۆیەوە بزانن دوژمن لە کوێ خۆی حەشارداوە. ئامێرەکە هیچ بەربەستێك ناناسێت تەنانەت دەتوانێت پشت دیوار و دارستان و خانووی بە چیمەنتۆ دروستکراویش ببینێت. ئامێرەکە دەکرێت بە کۆمپیوتەریش پێوەند بدرێت تا فەرماندە سوپاییەکان بتوانن لە شوێنی خۆیان کۆنترۆڵی شوێنەکە بکەن. کۆمپانیاکە هەوڵ دەدات ئامێرێکی لەوەش بەهێزتر دروست بکات کە بەهۆیەوە بکرێت تەنی بێ گیانیش لە پشت دیوارەکان وەك چەك و تەقەمەنی بدۆزێتەوە..


# کیبۆردێکی زۆر تایبەت

کیبۆرد ئەو ئامێرەیە کە پێوەندی لەنێوان مرۆڤ و کۆمپیوتەر دادەمەزرێنێت، گشت دوگمەی نووسین و فەرمانەکان لەسەر کیبۆردن. لەم دواییەدا کۆمپانیای HP کیبۆردێکی نوێی داهێناوە کە کارکردەکەی هەروەك کیبۆردی دیکەیە، بەڵام جیاوازییەکەی لە شاشەیەکدایە کەلەسەر کیبۆردەکەدا هەیە. کیبۆردی Xo3 بەبێ بوونی کۆمپیوتەر لە شاشەکەی خۆیدا دەتوانی کاری نووسینی پێ بکەی. هاردی ناو کۆمپیوتەرەکە 60 گیگابایتە، کە ئەمەش بۆ هەڵگرتنی کاراکتەری دەق یەکجار زۆرە. کیبۆردەکە دەتوانێ دەقە نووسراوەکان لەخۆیدا خەزن بکات.



# چۆن دەکرێت پارتیشێنێکی



هاردی کۆمپیوتەر، واتە کۆگای داکردنی داتاکانی کۆمپیوتەر، داتاکان هەرچییەك بن، فایلی دەنگ و ڕەنگ و دەق. هەرچییەك بێت لە هارددا هەڵدەگیردرێن. بۆ ڕاگرتن و پاراستنی داتا گرنگەکان جار هەیە پێویستە لەیەکێك لە پارتیشنەکانی D.E یان هەر پارتیشنێکی دیکە. (Partition = واتە پارچەیەك لە هاردی کۆمپیوتەر). بیشارینەوە. بۆ شاردنەوە و پاراستنی داتاکان ئەم هەنگاوانە بگرنە بەر.

لە ویندۆز 7دا لەسەرەتا کلیك لەسەر My computer بکە و پاشان فەرمانی Manage هەڵبژێرە و دواتر دوگمەی Disk management هەڵبژێرە. دواتر هەر پارتیشنێك کە حەز دەکەی بیشاریەوە کلیکی لای ڕاستی لەسەر بکە و فەرمانی Changa drive letter and paths لێبدە. بێگومان بە لەوەی کە هیچ شتێك بەسەر داتاکانت نایەت. پاشان کلیك لەسەر Remove بکەن




# BIOSی کۆمپیوتەر گۆڕانکاری بەسەردادێت


یەکێك لە گرفتە ئاڵۆزەکانی کۆمپیوتەر، بەشی BIOSیەتی، کە ئەویەشـــە بەهۆی ئاڵۆزیەوە نە تەنیا ئەوانەی کە شارەزاییەکی ئەوتۆیان لەسەر کۆمپیوتەردا نییە و لێی نازانن، بەڵکو شارەزاکانیش بەهـــۆی ئەوەی کە هەموو کات بەکارهێنەر دەبێ ئینگلیزی باش بزانێ و مانای دەقەکان تێبگات کە ئەمەش دژوارە..
لـــەم ماوەیەدا کۆمپانیای گیگابایت پرۆگرامێکی نوێی بۆئەم بەشـــە دروســـت کردووە بەناوی Touch BIOS کە وەك هەر پرۆگرامێکی دیکە لە کۆمەڵێك ئایکۆن پێکهاتووە و ئایکۆنەکانیش دیارە بۆ چ مەبەســـتێکن. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە بەبێ ئەوەی کە کۆمپیوتەرەکە ریستارت بکەیەوە تەنیا بە دوو گرتە ئەرکەکانی بایۆس جێبەجێ بکەی.

# شاشەیەک لە گیرفاندا

رۆژێـــك جیهانـــی تەکنۆلۆژیا وای لێدێـــت، ئەوەی لە خەیاڵیشـــدا نەگونجێت دێتە دی. بۆ نموونە ئەو شاشەیەی سامســـۆنگ کـــە گۆڕانکارییەکـــی نوێیە لـــە جیهانی تەکنۆلۆژیادا. شاشـــەکە بە ویســـتی خۆت دەتوانی لوولی دەی، وەك کاغـــەز قـــەدی کەی و لـــە گیرفانی بخەی. کاتێك دەکرێتەوە هیچ شـــوختێك لەنێوان قەدەکاندا نامێنێ. ئەوەی جێگەی سەرنجە شاشـــەکە تەواو لەمسییە. ئەرك و فەرمانەکان بە پەنجەی دەست جێبەجێ دەکات..



# هارد بشارینەوە



ئێســـتا ناوی هاردەکەت لەســـەر کۆمپیوتەر نامێنێت دواجار دوگمەی YES لێبدە. فەرمانەکان بەســـەرکەوتوویی ئەنجام درا. ئیدی لەمەولا پارتیشێنەکە لەســـەر کۆمپیوتەر نامێنێت. گەر ویستتان بیگەڕێننەوە، پێویســـتە هەمان ئەم هەنگاوانە دووبارە بکەنەوە، بەڵام لە بری فەرمانی Remove فەرمانـــی Add لێبدەن. هاردەکە بە گشـــت داتاکانەوە دەگەڕێتەوە.

# مۆبایلێک تەنک وەک کاغەز

مۆبایـــل کە بۆتـــە نزیکتریـــن ئامێر لەمـــرۆڤ هەتا دێت گۆڕانکاری بەسەر کارکرد و دیزاینەکەی دادێت، کۆمپانیایەکی ئیرلەندی جۆرێك لە مۆبایلی بەرهەم هێناوە کە وەك پەڕەی کاغەز تەنکە. مۆبایلەکە کە بە Paper phone واتە (تەلەفۆنی کاغەزی) ناسراوە، 9 ئینجە. تەلەفۆنەکە دەکرێت لـــە دەســـت بکرێـــت وەك کاتژمێرێك هەروەها وەك دەفتەری یادداشت لە گیرفان بخرێت..

